
## ئاڤان جەمال بۆ گوڵان:

# حەزدەکەم کارەکانم دەگمەن و بەپێزبن



**هونەرمەند ئاڤان جەمال ئێستا دانیشتووی شاری سلێمانییەو ماوەی پانزە ساڵە سەرقاڵی کاری هونەرییەو نزیکەی شەش بەرهەمی هونەری هەیە، دوایەمین سیدی بەناوی بۆلاس بڵاو کردەوە، ئەم سیدیە چوار گۆرانی بادینانی و چوار گۆرانی سۆرانی تێدایە. خاوەنی کوڕێکە بەناوی ئەلەند کە تەمەنی حەوت ساڵە.**

*** یەکەم کاری هونەریت لە کەیەوە دەستپێکرد؟**

- سەرەتای کارەکانم لە ساڵی 1995 بە گۆرانی حەریرە دەستپێکرد.

*** سەرەرای ئەوەی کە شێوەکاریت تەواو کردووە، بەڵام هونەری گۆرانی گوتنت هەڵبژارد، ئەوە هۆیەکەی چی بوو؟**

- هەر لەسەرەتاوە حەزم لە کاری هونەری موزیك و نیگارکێشی بووە و لە چالاکییەکانی قوتابخانەدا لە هەرسێ بواری شانۆ و مۆسیقا و نیگارکێشیدا کارم کردووە، دواتر کە رۆیشتمە پەیمانگا بەشی شێوەکاریم هەڵبژارد، لەبەر ئەوەی هیوا و حەزی منالّیم بوو، پێمخۆشبوو لەم بوارەدا بخوێنم. بەڵام هەر لە پەیمانگا و لەرێی مامۆستاکانمەوە هەوڵمدا لەبواری گۆرانی گوتنیشدا خزمەت بە هونەری گۆرانی بکەم. بەڵام لە بواری نیگارکێشییەوە زیاد لە بیست و دوو پێشانگای هاوبەشم کردووەتەوە و پێشانگایەکی تایبەتم بە هونەری منداڵان کرووەتەوە.

*** بەرهەمی کلیپ و گۆرانیت زۆر نییە، ئەمە هۆیەکەی چییە؟**

- لە راستیدا حەزدەکەم کارەکانم دەگمەن و بەپێز بن، بۆیە بەرهەمم کەمە و هیوادارم ئەو مەبەستەم پێکابێ، لەبەر ئەوەی پێموایە کارێکی دەگمەن و شاز لە دەیان کاری کرچ و کاڵ بەنرخترە.

*** ئەگەر ئێستا دەستت کردبا بە کاری هونەری، لەسەر چ ستایلێك گۆرانیت دەگوت؟**

- زۆر حەزم لە کاری هونەری کلاسیك و رەسەنی کوردییە کە بەڕاستی مانای رەسەنایەتی کوردی بدات و زۆرم حەز لێیە لەگەڵ ئەو گروپە مۆسیقایانە کار بکەم کە لەسەر ستایلی کلاسیك کار دەکەن، بۆیەش زۆر دڵخۆشم کە لەگەڵیان بەردەوامم.

*** ئەگەر ئاوازدانەرێك لەسەر ستایلی مۆسیقای عەرەبی ئاوازێکت بۆ پێشنیار بکات، ئامادەیی ئەوەت تێدا هەیە کە گۆرانی بۆ بڵێی؟**

- لە راستیدا کاری ئەلبومی "بۆ لاس" ئەو جۆرە ستایلەی تیادایە، بەڵام ئەگەر میلۆدییەکی جوان و رێکوپێك هەبێت، ئامادەم بەو ستایلە گۆرانی بڵێم.

دیمانە/سۆزان عەلی



*** ئەگەر کەناڵێکـــی ڕاگەیاندن پێشـــنیاری کاری بێژەریتان لێبکات قبووڵی دەکەن؟**

- نەخێر ئامادە نیم کاری بێژەری بکەم لەبەر ئەوەی نامەوێ وەك بێژەر لە شاشە دەربکەوم و پێشنیاریشم پێدراوە کە پرۆگرامێکی هونەری پێشکەش بکەم، بەڵام قبووڵم نەکردووە.

*** لەگەڵ هونەرمەند حەمە ڕەئوف کەرکوکی چەند بەرهەمێکی هاوبەشتان پێشکەش کردووە، ئایا بە نیازن لە داهاتووشدا هەر بەم شێوەیە کاری هاوبەشتان هەبێت؟**

-مامۆستا حەمە ڕەئوف کەرکوکی مامۆستای منەو هەمیشە وەك برایەك لەپشـــتی منە. دەنگێکی ڕەسەنی خۆشی هەیە. مەرج نیـــە ئێمە هەمیشـــە کاری هاوبەش پێکـــەوە بکەین، کۆنسـێرتەکەمان جێگەی ڕەزامەنـــدی کۆمەڵێك لە خەڵکی جیاواز و ئاســـتی جیاواز بوو. پێمان خۆشە کاری تازە پێکەوە بکەینەوە بەشـــێوازێکی جوانتروو بەپێزترو لەسەر هەمان ستایل کار بکەین، بەڵام پێویستمان بە کات هەیە بۆ ئامادەکردنی ئەو کارە هاوبەشەمان. بەنیســـبەت هاوبەشی کردنی کاری هونەریم لەگەڵ هونەرمەندی تر بیـــرم لێنەکردۆتەوە، ئەوەش بۆ دواڕۆژ بەجێدەهێڵین.

*** بۆخۆت تێکستەکانت دەستنیشان دەکەیت؟**

- ســـەبارەت بە هەڵبژاردنی تێکســـتەکانم بەپێی ئەو میلۆدیەی کە ئاوازدانەرەکە بۆی داناوم، تێکستەکەشـــی بۆ ئامادەدەکردم، بەڵام ئێستا بۆخۆم بەدوای تێکســـتی جواندا دەگەڕێم، هەروەها مامۆستا ساڵح بێچارە هاوکاری کردووم و بەتایبەتی لەســـیدیە تازەکەمدا؛ هەروەها بەڕێز مامۆســـتا ئیســـماعیل خورماڵی پەیمان وایە کاری جوانم بۆ بکات و پێکەوە کار بکەین، زۆرم پێخۆشـــە تێکســـتی دکتۆر فەرەیدون بەرزنجـــی بەگۆرانی زۆربەی تێکســـتەکانی ئەحمەد محەمەد لەپێشـــدا کردومن بەگۆرانی، بەتایبەتی بۆ سیدی یەکەمم.

*** چۆن پێناسەی ڕەسەنایەتی دەکەیت؟**

- لەڕاســـتیدا هەموو میللەتێك بە کولتوور و هونەری ڕەســـەنی خۆیەوە دەناســـرێت و بەو کولتوورەوە شانازی دەکات، وەك دەزانین کوردیش یەکێکە لـــەو میللەتانەی کەخاوەن ئەزموونێکی باش و کولتـــووری خۆیەتی لە هەرچوار پارچەی کوردســـتان، میلۆدی و پەیڤ و شـــیعر و دراماو چەندین هونەری ترین هەر ئەوەشـــە تائێستا لەسەر ئەو ستایلە ڕەسەنە ماوینەوە لەکارکردندا.

*** هـــۆکاری چییـــە هەندێـــك جـــار هونەرمەنـــدان گلەیی لەرۆژنامەنووسان دەکەن لەکاتی دابەزاندنی دیمانەکانیاندا؟**

- وەك خـــۆم بـــۆ دیمانـــەی ڕۆژنامە بـــە تۆمارکردنی دەنگی دیمانـــە ناکەم، چونکە بە جۆرێکی تر ئەو دیمانەیە لێکدەدرێتەوە و دایدەبەزێنن، بۆ نموونە لەدیمانەیەکی ڕابردوودا قســـەیەکم کردبوو. بە ڕۆژنامەنووسەکەم وت ئەو قسەیە دانەبەزێنێ، بەڵام دوایی دایبەزاندبوو، ئەوە بۆ من زۆر ناخۆش بوو.

*** ژیانی هاوسەریت پێکهێناوە؟**

- لەســـاڵی 2000وە ژیانی هاوســـەرێتیم پێکهێناوە، حەز دەکەم ئەوەش بڵێم هاوســـەرەکەم هاندەرمە بۆ کاری هونەری ناتاونـــم هیچ هەنگاوێك بەبێ ئەو بنێم.

# بەسەرکردنەوەی
# فێرگەی باڵێی سلێمانی

فێرگەی باڵێی سلێمانی لەساڵی ١٩٩٨بە فەرمی کراوەتەوە و لەو کاتەوە دەستی بەکارەکانی کردووە. تائێستا دوو فیستیڤاڵی لەشارەکانی کوردستاندا کردۆتەوە.

بۆئەو مەبەستە بەگرنگمان زانی دیمانەیەك لەگەڵ مامۆستا رووبار ئەحمەد بەڕێوەبەری فێرگەکە ساز بکەین.

مامۆستا رووبار لەساڵی ١٩٦٨لەدایك بووە لەساڵی ١٩٩٢ ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی لەبەغداد تەواو کردووە.

لەماوەی خوێندنی ئەو چوار ساڵەیدا لەقوتابخانەی مۆسیقاو بالیەی عێراق سەرجەم وانەکانی تایبەت بەهونەری باڵێی تەواو کردووە. ئێستا بەڕێوەبەری فێرگەی (باڵێ)ی سلێمانییە.



*** سەرەتا حەز دەکەین کەمێك باس لە مێژووی دروست بوونی هونەری (بالێ) مان بۆ بکەی؟**

- هونەری بالێ لەساڵی (1576) لەئیتالیا بۆ یەکەمجار سەری هەڵدا. مەلیکەی ئیتالیا بەڕێوەی دەبرد، بەڵام دواتر شوو دەکات بە مەلیکی فەرەنسا بەمەرجێك ئەم هونەرە بباتە وڵاتی فەرەنسا. بۆیە وشەی بالێ وشەیەکی فەرەنسیەو بەمانای ئەوە دێت کۆبوونەوەی دەوری خوان. واتە کاتێك میوانی کۆشکەکان هاتووە ئەم سەمایە لەدەوری مێزی نان خواردنەکەدا کراوە. هەروەها هەموو جووڵە هونەریەکانی بالیا. ناوی تایبەت بەخۆیان هەیە و پێوانەی هەیە، واتە بەسەنتیمەتر پێوانە دەکرێت. ناوەکان (بێریڤەیس، ئارەبیسك، کوپێ... تاد)

بەڵام دواتر رووسییەکان قوتابخانەی تایبەت بە بالیایان دانا، زۆر جوانتر لەفەرەنسییەکان و ئیتالییەکان توانیان هونەرەکە باشتر پێش بخەن. لەسەردەمی رێنیسانسدا فەرەنسییەکان باشتر پەرەیان پێدا. بە جۆرێك بەشێوەی وانە وتنەوە وەك چۆن نۆتەی مۆسیقا دەنووسرێتەوە ئاوا نۆتەی سەمای بالێ دەنووسرێتەوە. ئێستا لە وڵاتانی ئەوروپا بلیتی چوونە ژوورەوەی لەهەموو بلیتەکانی تری هونەری گرانترە.

*** لە کوردستان لەکەیەوە ئەم هونەرە گەشەی کردووە؟**

- لەساڵی نەوەدەکانەوە هەوڵم داوە ئەم هونەرە لە کوردستان دروست بکەم، چ لە رێگەی کەرتی تایبەتەوە چ لە رێگەی دەسەڵات و وەزارەتە پێوەندیدارەکانەوە، بەڵام وەڵامدانەوەی ئەم پڕۆژەیەی من گەیشتە ساڵی 2008 لەلایەن وەزیری پێشووی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان د.دڵشاد عەبدولرەحمان ئەو بڕیارە دەرچوو کە فێرگەی بالێ بکرێتەوە. واتە لەبەرواری 21/2/2009 یەکەم وانەمان وتەوە و لەبەرواری 18/8/2009 دا یەکەمین فیستیڤاڵی بالێمان کردەوە و نمایشەکەمان بردە هەولێر و دهۆکیش. ئەمساڵیش لە یادی جەژنی مناڵان نمایشێکی ترمان کردەوە.

*** ئەم کۆمەڵگەیە چۆن بەرەو پێشچوونی زیاتر بە خۆیەوە دەبینێ بۆ ئەوەی بگاتە ئاستێك کە شایەنی باس کردن بێت؟**

- ئێمە کۆمەڵگەیەکی سونەتیمان هەیە لەڕووی ئایینیەوە ئەم سەمایە رێگە پێنەدراوە، بەڵام سەرەتا ئاوا لێی دەڕوانن دواتر بۆ خۆیی دەبێتە کولتوور و بۆ خەڵکیش ئاسایی دەبێتەوە کە بەڵێ ئەمە هونەرەو هیچ عەیب و عارێکی نییە.

*** ئایا کێشەی کەمی قوتابیتان نییە؟**

- سەرەتا کێشەی قوتابیمان هەبوو، بەڵام ئێستا ئەو کێشەیەمان کەمتربۆتەوە، ئەوەندەی کەپێویستمانە بەهۆی بچووکی بیناکەمانەوە، ئەوەندەی قوتابییەی کەهەمانە بەقەد توانای فێرگەکەمانە، بەڵام هەندێك کێشەی ترمان هەیە وەك ئەوەی هەندێك قوتابی هەن زۆریان حەز بەم هونەرەیە، بەڵام کاتی دەوامی خوێندنی لەگەڵ دەوامی فێرگەی منە، ئەمە ئەو خوێنکارەی تووشی بێزاری و نائارامی دەروونی کردووە، لەکاتی نمایشی فیستیڤاڵەکەدا قوتابیم هەبووە لەکاتی نمایشەکەدا فریانەکەوتووە تا نمایشەکە تەواو بووە گریاوە، ئەمە بۆ من و ئەو قوتابیەش کێشەیە. کێشەیەکی ترمان ئەوەیە ئەو شوێنەی کەفێرگەکەی لێیە ئەوەندە دوورە لەماڵی هەندێك قوتابییەوە کە لەکاتی مەشقەکاندا ناتوانن لەکاتی خۆیاندا ئامادەبن.

*** ئایا ئەم هونەرە نابێتە هۆی تێکچوونی جەستەی قوتابی؟**

- لە رووی تەندروستیەوە ئەو راهێنەرەی کە مەشق بەقوتابیەکان دەکات دەبێت شارەزا بێت و ئاگای لەوە بێت چۆن قوتابی هانبدات بۆ ئەوەی ئاگای لەماسوولکەی قوتابیەکان بێت، شوێنی مەشقی ئێمە زۆر گونجاوە لەبەرئەوە تائێستا تووشی هیچ گرفتێکی تەندروستی قوتابی نەبووینەتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا پێویستم بە دکتۆرێکی پسپۆر هەیە لەئێسك و ماسوولکەدا، چونکە نابێت هەر شتێك ببێت خۆم بیکەم.





## هەڤاڵ مەحمود:

# پێویستە هونەرمەندە خاوەن ئەزموونەکان زیاتر هاوکاری ئێمە بکەن

**هەڤاڵ مەحمود گۆرانیبێژێکی لاوە کە توانا و بەهرەیەکی هونەری زۆری هەیە، ئەگەر بێتو هاوکاری بکرێت، ئەوا بێگومان سوود لەو بەهرەیە وەردەگیرێت بۆ ئەوەی لەگەڵ چەندەها لاوی دیکە بتوانن خزمەتی هونەری کوردی بکەن و بەردەوامی پێبدەن، بەڵام پێویستە هەڤاڵ و گۆرانیبێژە لاوەکانی دیکە هاوکاری بکرێن، لە هەمان کاتدا ئەوانیش پێویستە ئەو راستییە لەبەرچاو بگرن کە هونەرمەندە مەزنەکانیشمان بە چاوتروکانێک و بێ ماندوو بوون نەبوونەتە ئەستێرە و هونەرمەندی ناسراو.**

هەڤاڵ دەڵێ: هەموو هونەرمەندە گەورەکان ئەوانەی ماون و ئەوانەی لە ژیان نەماون بە مامۆستای خۆمیان دەزانم، بەڵام هەست دەکەم هەماهەنگییەك وەك پێویست لەنێوانماندا نییە، هەرچەندە زۆر گوێ لە بەرهەمەکانیان دەگرم بۆ ئەوەی سوودیان لێوەربگرم، بەڵام موزیکژەنەکان زیاتر یارمەتیدەری گۆرانیبێژە لاوەکانن، بۆیە پێموایە ئەوان کەمتەرخەمن و پێویستە زیاتر هاوکاری هونەرمەندە لاوەکان کەن، تا ئێستاش نازانم هۆکاری ئەمە چییە، چونکە ئێمە هەوڵ دەدەین شوێنی ئەوان بگرینەوە و ئەو بۆشاییەی ئەوان جێی دەهێڵن، ئێمە پڕی بکەینەوە.

سەبارەت بە هاوکاری کردنی گۆرانیبێژە لاوەکان لەلایەن دەسەڵاتەوە هەڤاڵ دەڵێ: ئەوان هەر کارێك پێشکەش بکەن بەبێ دواکەوتن کارەکانیان بۆ جێبەجێ دەکرێ، بەڵام سیدی خۆم تەواو کردووە کە زۆربەی هەرە زۆری لەسەر ئەرکی تایبەتی خۆم بووە، هەروەها بەڕێز فەلەکەدین کاکەیی زۆر هاوکاری کردووم، دڵنیام بەڕێز وەزیری رۆشنبیری ئەویش درێغی ناکات لە هاوکاریکردنی هونەرمەندان بەبێ جیاوازی ئەگەر شتەکان بە شێوەیەکی سروشتی بەڕێوە بچن، سەبارەت بە کلیپەکانی خۆم (خەمی دونیا) تەلەفزیۆنی زاگرۆس و خودی د.نیاز لاجانی بە سوپاسەوە یارمەتیداوم، لە کلیپی دووەمیش (نهێنییەکانم) لەسەر ئەرکی بەڕێزان ئارامۆ و ئەڤین ئاسۆ بوو، هەر سەبارەت بە کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان دەمەوێ ئاماژە بەوە بکەم بە خۆشحاڵییەوە ئێستا کەناڵەکانی ڤین و کۆرەك یاسایەکی تایبەت پەیڕەو دەکەن و فلتەرێکی باشیان داناوە بۆ دابەزاندنی گۆرانییەکان و چەند مەرجێکیان داناوە کە لە خزمەتی هونەر و جەماوەردایە، واتە هەر گۆرانییەك هەبێت ئەوان نمایشی ناکەن وەك ئەوەی ئێستا هەیە، ئەم کارەش هەنگاوێکی زۆر باشە. هەرچەندە لە سەرەتای کاروانی هونەری خۆمم و پێویستم بەوە هەیە کە جەماوەر لە رێگەی کەناڵەکانەوە بمناسن، بەڵام زۆریش پێمخۆشە ئەگەر کلیپێکم شیاو نەبێت، نمایش نەکرێت تا بە فلتەرێکی زانستیدا نەڕوات، بۆ ئەوەی منیش پێداچوونەوەیەکی خۆم بکەم و خاڵە لاوازەکانی کلیپەکەم دەست نیشان بکەم.

سەبارەت بە شیعر و مۆسیقای گۆرانییەکانی و نوێکردنەوەی گۆرانییە گۆنەکانیش هەڤاڵ دەڵێ: نوێکردنەوەی گۆرانی هونەرمەندە کۆنەکان تاموچێژێکی نوێ بە گۆرانییەکە دەبەخشێت، بەڵام ئەو تاموچێژەی سەرەتای خۆی نییە، هەرچەندە خۆیشم بە نیازم کارێکی رەسەنی هونەرمەندێکی رەسەن بەشێوازێکی نوێ بڵێمەوە، دەمەوێ بە خۆشحاڵییەوە بڵێم شاعیری بە توانا و بلیمەت کاك سەرکەوت رەسوڵ و قەهار شێخانی زۆر هاوکاریم دەکەن و پەیوەندییەکی زۆر بەهێزم لەگەڵ کاك سەرکەوت هەیە، ئەمەش وایکردووە کە تا رادەیەك کارەکەم قورس بێت، چونکە دەبێ شتێك پێشکەش بە جەماوەر بکەم لە ئاست شیعرەکانی سەرکەوت رەسوڵ بێت، جگە لەوە لە هەموو ئەو کاروبارانەی تایبەتن بە هونەرەوە راوێژ بە کاك سەرکەوت رەسول دەکەم، تەنانەت لە کلیپەکانیش.

لە کۆتاییدا هەڤاڵ دەڵێ: زۆر سوپاسی خاتوو بێریڤان سەرهەنگ ئەندامی پەرلەمانی کوردستان دەکەم کە بە هەموو شێوەیەك هەوڵ دەدات یارمەتی گۆرانیبێژە لاوەکان بدات بۆ ئەوەی بەردەوام بن لە کاری هونەری و سارد نەبنەوە و زیاتر دڵسۆز بن بۆ کولتوور و هونەری نەتەوەکەیان، هەروەها هیوادارم وەزارەتی رۆشنبیری هاوکاری هونەرمەندان بکات و هەر یەکێك بەپێی ئەو ئەرك و ماندووبوونەوەی کە دەیکێشی لە بواری هونەریدا، نەك یەکێك تاکە تراکێك پێشکەش دەکات وەك یەکێك مامەڵەی لەگەڵدا بکەن کە بەرهەمێکی بلاوکردۆتەوە، چونکە جیاوازییەکی زۆریان لەنێواندا هەیە، هەروەها هیوادارم سنوورێك بۆ دیاردەی کۆپی کردن دابنێن و دڵنیاشم وەزارەتی رۆشنبیری بەم کارە هەڵدەستێت و خزمەتی هونەری کوردی دەکات و پاڵپشتی ئێمەی گۆرانیبێژی لاویش دەبێت.



# نەبیلە بەم تەمەنەش ئامادەیە بۆ هاوسەرگیری

خانمە ئەکتەری میسری نەبیلە دەڵێت: خۆم لە خۆشەویستی بێبەشکردووە، چونکە لە ئازار و ئاکامەکانی دەترسێم لەبەر ئەوەی بە دڵسۆزییەوە خۆشەویستی دەکەم، بەڵام ئێستاش ئامادەم ژیانی هاوسەرێتی پێکبهێنم و تاقیکردنەوەیەکی نوێ دەست پێبکەم، بەڵام ئەمجارە مەرجم بۆ خۆم داناوە کە دەبێ بە عەقڵ هاوسەرەکەم هەڵبژێرم، چونکە ئێستا لە تەمەنێکم کە بەرگەی سەرنەکەوت ناگرم.

نەبیلە لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ بەرنامەی (نجم اليوم) لە کەناڵی نایل سینەمادا وتی: زۆر ئازارم چەشت تا گەیشتمە ئەو ئاستەی ئێستا و وەك هونەرمەندانی ئێستا لە چاوتروکانێکدا نەبوومەتە ئەستێرە، زۆر جار قوتابخانەم جێهێشتووە بۆ ئەوەی بچم بۆ سینەما، کەچی ئێستا هیچ پێوەرێك بۆ سەرکەوتن نییە، ئەکتەر هەیە بە یەك فیلم دەبێتە ئەستێرەیەکی بەناوبانگ.

## یومنا شری لەگەڵ میوانەکانی سەما دەکات



یومنا شری یەکێکە لە سەرکەوتووترین بێژەر و پێشکەشکارانی بەرنامە لە لوبنان، بەم دواییە هەندێك کەس یومنایان بەوە تۆمەتبار کرد کە لەگەڵ میوانەکان لە بەرنامەکانی سەما دەکات، لە وەڵامی ئەم تۆمەتانە یومنا دەڵێ: راستە سەما دەکەم، بەڵام سەماکردنی من لەبەر ئەوەیە کە منیش وەك هەر مرۆڤێکی ئاسایی چێژ لەو گۆرانیانە وەردەگرم کە لە بەرنامەکە پێشکەش دەکرێن، بۆیە هەوڵ دەدەم کەشێکی خۆش لەناو ستۆدیۆدا دروست بکەم بۆئەوەی بەرنامەکە تاموچێژێکی تایبەت و خۆشی هەبێت و نەبێتە هۆی بێزاربوونی ئامادەبووان و بینەران، چونکە زۆر حەز لە ئەتەکێت و شتی رەسمی ناکەم.

دەربارەی راگەیاندنیش دەڵێ: کەسایەتی من زۆر گۆڕاوە و ئێستا هەست دەکەم کە زۆر حەز دەکەم مرۆڤێکی رۆشنبیر بم و زانیاریم دەربارەی هەموو شتێك هەبێت بەگوێرەی توانا.

## لیۆناردۆ شانازی بە ئەڵمانی بوونی خۆیەوە دەکات



ئەستێرەی سینەمایی هۆلیۆد لیۆناردۆ دیکابریۆ رایگەیاند کەوا شانازی بەوە دەکات رەچەڵەکی ئەڵمانییە، لیۆناردۆ کە رۆڵی (جاك)ی بینی لە فیلمی (تایتانیك) رایگەیاند کە ئەو زۆر سیفەتی تایبەت بە کەسایەتی خۆی لە هێلینای داپیرییەوە بۆ ماوەتەوە.

لیۆناردۆ لە دیمانەیەکی لەگەڵ گۆڤاری (گلامۆ)دا وتی: دایك و داپیرم فێریان کردم چۆن راستگۆ بم و راشکاوانە قسە بکەم بێئەوەی گوێ بدەمە ئەوەی کە قسەکانم پێشتر زیانیان بۆ من دەبێت بەر لەوەی بۆ کەسانی تر هەیانبێت، پێموایە ئەم سیفەتانە لە نێو ئەڵمانییەکاندا بووەتە نەریت بۆیە منیش هەوڵ دەدەم هەمیشە بیانپارێزم.


بەرپرسی فایلی هونەری: خەلیل بلەیی
بۆبابەت و سەرنجەکانت پەیوەندی بکە :
Mobile: 07504494920 uneri@gulan-media.com

## هونەرمەند حاجی مەکی بۆ گوڵان

# قەڵەوییەکەم موشکیلەی بۆم ناوەتەوە



*هونەرمەند مەکی عەبدوڵڵا ئەستێرەی دراماو شانۆی کوردییە و نیو سەد زیاترە خزمەتی بواری هونەری نوانـــدن دەکات و توانیوویەتی لەو بـــوارەدا خزمەتێکی بەرچاو بکات، جێی داخە ماوەیەکە باری تەندروسیتی بەڕێزیان ناجێگیرەو وەك خۆی دەڵێت گرفتی گەورەی ئەو قەڵەوییەکەیەتی. بۆ بەســـەر کردنەوە و لە ئەحواڵ پرسینی، گۆڤاری گوڵان لە سلێمانی ئەم دیدارەی لەگەڵ بەڕێزیان ساز کرد.*

*دیمانە: سۆران مارف کەریم*

***ئێستا بەرنامەو کاری هونەری بەڕێزتان چییە؟**

- لەبەر ئەوەی باری تەندروســـتیم باش نییە و ناتوانم ســـەرقاڵی کارە هونەرییەکانم بم، دەنا سیناریۆی کارێکی هونەریم ئامادە کردووە کە باس لە کێشەو گرفتەکانی ئەمڕۆی کۆمەڵگە دەکات بۆ ئەوەی پێشکەشی جەماوەرەکەمی بکـــەم، تا هێزم تیا بێت هەوڵـــدەدەم خزمەتی هونەر و میللەتەکەم بکەم.

*** هۆکاری بەشداری نەکردنت لەکارە دراماییەکانی ئەمڕۆدا چییە؟**

- ئەوانەی ئەمڕۆ کار دەکەن حەز دەکەن زیاتر خۆیان دەربخەن، وا دەزانن تۆ بەشـــداری بکەیت لە بەشی ئەوان دەخۆیت، لە کاتێکدا دنیای هونەر باخێکی زۆر گەورەیە هەموو کەسێك دەتوانی گوڵی خۆی تێدا بچێنێت.

*** ئەی تۆ لە توانای ئەو گەنجانەی ئەمڕۆ کار دەکەن چۆن دەڕوانی؟**

- پێموایە کەســـانێکی بەتوانایان تیایەو بە پێچەوانەشەوە گەشبینم بە داهاتووی ئەو گەنجانە ئینشاالله هەنگاوی زیاتر دەنێن بۆ خزمەتی هونەری کوردی.

*** تۆ چۆن لە ئاستی درامای کوردی دەڕوانیت؟**

- کەموکوڕی زۆری تیایە، بەڵام پێموایە داهاتوویەکی باشی دەبێت و هەنگاوی جددی پێوە دیارە.

*** هەنگاونان بۆ بوون بە خاوەنی سینەمای خۆمان بە کوێ گەیشتووە؟**

- وەڵڵا من یەکەم کەس بووم کارم بۆ سینەمای کوردی کردووە بە فیلمی نێرگز بووکی کوردســـتانە، ئێستا خاوەنی ســـینەمای کوردی نین، بەڵام لە داهاتوودا دەبینە خاوەنی سینەمای کوردی.

*** حاجی مەکی لە تەمەنی لاوێتیدا خۆشەویستی کردووە؟**

- نەوەڵڵا تاقەتی ئەوشتانەم نەبووە، ژیانی گەنجێتی ئێمە ژیانێکی قورس بوو، ئەو زەمەنە ژیان وەکو ئێستا نەبوو .

***چی حاجی مەکی بێتاقەت دەکات؟**

- ئەوەی من بێزار دەکات بێوەعدیی و ناڕاستگۆییە. ئەو کاتە خۆشحاڵم کەوا خەڵکی هەموو یەکترییان خۆش بوێت.

*** ئەی قەڵەوییەکەت بێزارت ناکات؟**

- قەڵەوییەکەم موشـــکیلەی بۆ من ناوەتەوە و کێشـــەی ســـەرەکی من قەڵەوییە، ئەوە هۆکارە کەوا باری تەندروستیم لەبار نییە.

*** هەوڵت نەداوە هەندێك لە کێشی خۆت دابەزێنیت؟**

- وەڵڵا هەر خەریکم بەخوا نەشتەرگەریشـــم کردووە، بەڵام چی بکەم چارەســـەری نییە و ئینشاالله باش دەبم.

*** لەکۆتاییدا چیت هەیە بیڵێیت؟**

- چاوی هەمووتان ماچ دەکەم.